# خەتیبەکان

## مەکەن بە سەرچاوە بۆ فێربوونی دین!

د. إحسان برهان الدين



# خەتیبەکان

## مەکەن بە سەرچاوە بۆ فێربوونی دین!

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

**زۆربەی خەتیبەکان کار لەسەر عاتیفەی خەڵکی دەکەن، هەر لەو ڕێگایەشەوە دەتوانن خۆیان ببەن بە پێشنەوە، بۆیە ئامانجی سەرەکییان بەهەر نرخێك بووە، بەجێهێشتنی کاریگەرییە لەسەر ئامادەبوانی خوتبەکەیان و لەسەر گوێگران وبینەرانە بەگشتی، ئەگەر وا نەکەن بەردەم مزگەوتەکانیان سەیارەی زۆری لێ ڕاناوەستێت و پەیج و کەناڵەکانیان بێ نازو بێ لایك و کۆمێنت دەمێننەوە، دواجاریش لەناو خەڵکیدا بە مەلایەکی بێ کاریگەری و بازاڕ کەساس دەژمێردرێن ئەوەش وەکو خوێندکارێکی پۆلی دوانزە دادەنرێت کە کۆنمرەکەی لە خوار پەنجاوە بێت.**

**خەتیبەکان کە وێڵن بە دوای شوهرەتدا، چی ئەوانەی مینبەری مزگەوتیان هەیە یان تۆڕە کۆمەڵایەتی و میدیاکان بەکار دەهێنن، لە پێناو ئەوەی ببنە خەتیبێکی**

**مەشهور وکاریگەر و خاوەن کەسایەتی بەهێز، دەبێت توانای ئەوەیان هەبێت بۆ نموونە خەڵکی بهێننە گریان و وایان لێ بکەن بەخۆیاندا بچنەوە، یان بە هەر شێوازێك لە شێوازەکان کاریگەرییان لەسەر درووست بکەن، وەکو بەشداری کردن لە بۆنە و کێشە کۆمەلایەتییەکاندا، پێویستە بەهە نرخێك بووە بیانخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوەو لە دوای خوتبەکەیان خەڵکی سەرەیان بۆ بگرن**

تەوقەیان لەگەڵدا بکەن و وێنەیان لەگەڵ بگرن و بڵێن ماشاء اللّٰه مامۆستا گیان خوتبەکەت چەند کاریگەر بوو چەند بەهێز بوو، سەیریش ئەوەیە لەیەکێك لەوانەی ئەو شاهێدییە دەدەن بپرسی مامۆستا باسی چی کرد؟ لەوانەیە ناونیشانی خوتبەکەشی لەبیر نەمابێت. واتە تەنها بە شێوازی قسەو دەست ڕاوەشاندن و دەربڕین و وروژاندنی عاتیفە کاریگەر دەبن.

بۆ ئەوە مەبەستەش کە ئاماژەمان پێکرد ، خەتیب تاکو کەمتر جەخت لەسەر کیتاب وسونەت بکاتەوە ولەجێگەی ئەوە بەسەر هاتی خۆش و فەرموودەی ضعیف و هەڵبەستراو بەکار بهێنێت زیاتر ئامانجەکەی دەپێکێت، تاکو

کەمتریش باسی ئیسلامی قال اللّٰه و قال الرسول صلی اللّٰه علیه و سلم بکات زیاتر ئامانجەکەی دەپێکێت و دەبێتە جێگای ڕێزو ڕازیبوونی خەڵکی ولێیان نزیك دەبێتەوە ، ئەوەش لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە و ئاسان کە بریتییە لەوەی خەڵکی ئەو جۆرە ئیسلامە ناناسن کە لە یکتاب و سونەتدا هاتووە و(الناس أعداء لما جهلوا).

بۆیە هاوکێشەکە بەم شێوەیە: کەمتر جەخت لەسەر سوننەت بکەرەوە، زۆرتر بیدعە ئەنجام بدە، باسی کوردایەتیت لەبیر نەچێت، ڕەخنەی جییدی لە دەسەڵات مەگرە، دڵی هیچ کەس و لایەن و حیزبێك زویر مەکە، عەلمانی و قەومی و سۆشیالیست و داروبەرد بەبرای خۆت بزانە،

تەنها ئەو شتانە لە ئیسلام باس بکە کە تایبەتە بە عیبادەت و تەزکیەی نەفس و هەندێ بابەتی گشتی ، کەمێکیش زمانت لوس بێت و دەربڕین جوان ورەوانبێژیت هەبێت، تۆ خەتیبێکی سەرکەوتوو باشیت و بەر دەرگای مزگەوتەکەت سەیارەیەکی تر ناگرێت وناومزگەوتەکەشت زوو نەیەیت جێگات بۆ نامێنیتەوە، ئەمە حەقیقەتێکە بەر لە هەموو کەسێك خەتیبەکان جوان لێی تێگەیشتوون، جا تاکو چەند کاری پێ دەکەن و نایکەن، ئەندازەی جەماوەریان لەسەر ئەوە ڕادەوەستێت، چونکە وا نەکەن و خەڵکی و شەقام ڕازی نەکەن، بازاڕیان کەساسە وئاو لە ئاشیان کراوە.

لەوانەشە لە بنچینەوە نەتوانن جێگای خۆیان بکەنەوە، خەتیب وخەڵکی وەکو پەندە کوردییەکەیان پێ دێت: دوو گا لە دۆڵێک بن، نەچنە پێستی یەکەوە، دەچنە خووی یەکەوە. (الأمثلة تضرب ولا تقاس) واتە یان ویستی خەتیبەکە ئەگەر کەسێکی عەقیدە پاك و زانا بێت، یان ویستی خەڵکی سەردەکەوێت، بێگومان ویستی خەڵکی هەژموونی بەهێزی هەیە و مەلا خۆی ناگرێت بەرانبەری وناچار دەبێت ملی بۆ بدات، بۆیە یەکێك لە ڕێگاکانی قایمکردنی جێگە و پێگە لەلایەن مامۆستا لە مزگەوتەکەیدا ئەوەیە بیدعە ئەنجام بدات ئەگەر ناوبەناویش بووە و وریا بێت خەڵکی مزگەوت لەخۆی عاجز نەکات،

چونکە ئەگەری هەیە ئیمزای لەسەر کۆبکەنەوە و ئەو حاڵەتەش زۆر ڕووی داوە.

هەر بۆیە زۆرێك لە خەتیبەکان دەبینیت کەسانی کۆمەڵایەتی و قسەخۆش وخۆشخۆرن، هیچ هەلێك لە دەست نادەن سوودی بۆ پێگەی کۆمەڵایەتییان هەبێت، بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنیش لەو بوارەدا تەرخان کردنی کاتی گەلێك زۆری دەوێت، جا بە هۆی ئەو ئامانجە کورت مەوداو بچووکانەیانەوە -بەراورد بە ئەرکە سەرەکییەکەیان کە خستنەڕووی ئیسلامی قال الله و قال الرسول - کاتی دیراسە کردن و خوێندنەوەیان نییە، هەروەها توانای لیکوڵینەوەی زانستی ولێوردبوونەوەیان لە

بەڵگەکان نییە و بەشێوەیەکی گشتی جۆرە دینێك بەخەڵکی ڕادەگەیەنن ڕازی کردنی هەموانی پێوە دیارەو جیاوازی لەگەڵ ئیسلامی کیتاب وسوننەت و مەنهەجی ئەهلی سوننەت و ڕێبازی سەلەفدا گەلێك زۆرە.

لە ڕاستیدا و لەگەڵ ڕۆژگاردا لەلای زۆربەی خەتیبەکان ڕازی کردنی خەڵکی (هەندێ جار دەسەڵات و لایەنی دیاریکراویش) دەبێتە ئامانجێکی جەوهەری لەلایان کاری بۆ دەکەن، ئەوەش وەکو وتم تەرخان کردنی کاتی زۆری دەوێت بەڵکو تەرخان کردنی هەموو تەمەنیانی دەوێت، خۆ ئەگەر بێت بۆ ئەو ئامانجانە کار نەکەن، هەرگیز نابنە خەتیبێکی سەرکەوتوو،

نابنە ژمارەیەك ئاماژەیان بۆ بکرێت، بازاڕیان کەساس دەبێت، ئەوەی مزگەوتی هەیە مزگەوتەکەی بێ نازو چۆڵ دەبێت، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بەهەمان شێوە کەس بەلایاندا ناچێت.

بەداخەوە زۆربەی خەتیبەکان - ناڵێم هەموویان -ئەگەر لە بنچینەوە توانای تەحقیق و تدقیق و تێگەیشتنیان لەبەڵگەکان هەبوایە لەوانەیە بە خەتیب نەبوایەن! لەوانەیە لە دەرەوەی خەتابەتەوە خزمەتیان بە ئیسلام بکردایە، هاوکێشەکەش هاوکێشەیەکی زۆر ئاسانە :

قسەی خەتیبەکان بە زۆری بۆ عەوامی خەڵکە، زۆربەی دانیشتوانی خوتبەکان لە ئەلفوێێ

عەقیدە شارەزا نین و کورد واتەنی سەریان تەقەی دێت، خەتیب هەرچی بڵێت و تەنانەت ئەگەر هەر سەرپێچییەکی گەورەی ئیسلامیش بکات، ئەوان پێی نازانن و ڕۆڵیان تەنها ئەوەیە سەربلەقێنن، ئەمە ئەگەر خەو وداڵغە لە کەشی مزگەوتەکە دووریانی نەخستبێتەوە !واتە بۆ نەخوێنەوار و ئەوانەش کە شەهادەیان هەیە و لە حوکمی نەخوێنەردان وهیچ فەرقیان لەگەڵ ئەواندا نییە، ئەو جۆرە کەسانەش کە بەداخەوە ئێستا زۆرینەن، هیچ پێویستیان نە بەدەلیلە و نە بە تەحقیقە، بگرە هەر نازانن دەلیل مەعنای چییە! ئەوەشی کە دەیبیسن مەگەر بەسەرهات و چیرۆك بێت، یان باسی سیاسەت وحیزبایەتی و دەنگدان بێت، ئەگینا بەر لەوەی بگەنەوە ماڵ

سەرلەبەری باسەکەیان لەبیر چووە و مەگەر شوێنەوارێکی وەکو خەوبینێك لەلا مابێت و دوای ماوەیەکی کەم ئەوەشیان لەبیر دەچێت و وەکو ئەوە وایە هەرگوێیان لە هیچ نەبووبێت.

جارێکی تر بەداخەوە کە ناچارم ئەم حەقیقەتە تاڵانە باس بکەم: پێوەری خەتیب بۆ ئەوەی خەتیبێکی سەرکەوتوو بێت و ڕەزامەندی خەڵکی وسەرەوەی خۆی بەدەست بهێنێت، زانستی شەرعی نییە، شارەزاي قال الله و قال الرسول یش نییە، نە ڕاست ودرووستی مەنهەجیشە، نە ئەوەیە کە خاوەن تەوحیدێکی تۆکمە و ئیمانێکی قایم بێت، ئەوانە هیچیان لەلای خەڵکی و ئامادەبوان پێوەر نین،

بۆ نموونە زۆر ئاساییە لەلای خەڵکی خەتیب نەك ئەندامێکی دیاری حیزبێکی ئیسلامی بێت، بەڵکو زۆر ئاساییە خەتیبەکە ئەندامێکی دیاری حیزبێکی عەلمانیش بێت کە لەوانەیە حیزبەکەی ئیسلام بە پاشماوەی سەدە تاریکەکان بزانێت و هەندێك لە حوکمەکانی ئیسلام بەدواکەوتن بزانێت، لەلای خەڵکی گرنگ ئەوەیە خەتیبەکە جلوبەرگی مامۆستای ئایینی لەبەر بێت وکۆمەڵێك قسە بکات، ناوەڕۆکی قسەکان کێشە نییە چی بێت ونەبێت، بۆیە سەدان خەتیبی سەرکەوتوو! دەبینی ئەوەی الله پێی ناخۆشە تێیدایە، عەقیدەیەکی وێران، نیفاقێکی ئاشکرا بە ڕۆژی ڕوناك، جاری وا هەیە نەك مزگەوتەکەی کردووەتە بنکەیەك بۆ حیزب و لایەنەکەی کە

لەوانەیە بەهەر حاڵ ئێهێکی تێدا بێت، ، بەڵکو لەسەر مینبەرەوە عەرەب واتەنی: (عيني عينك) بۆ شیرك وكوفر و ئەفكاری لیبرالی و قەومی و بگرە بۆ بیروبۆچوون و لایەنی چەپیش کەمێك بەلێزانانە و نارِاستەوخۆ بانگەواز دەکات.

خۆ ئەوە باسی موغازەلەی دەسەڵات وکارکردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ حیزب و لایەنەکەی و بۆ خۆی کاتێك خۆی بەربژێر دەکات، ئەوە هەر لێگەرێ!

خەتیبەکان دەبێت لە چوارچێوەی ئاست و تواناو ئامانجەکانی خۆیاندا کە کاری بۆ دەکەن تەماشا بکرێن، نابێت سەیری کەسایەتی میدیایی و قسەی زل و ئیددیعای گەورە و جل وبەرگی

ئاینییان تەماشا بکرێن، ئەوان ڕۆڵیان سڕ کردنی خەڵکە و دوورخستەوەیانە لە دینی حەق و دەستەمۆ کردنیانە بۆ لایەن و حیزبەکانیان ( کە بێگومان زۆربەی خەتیبەکان خاوەنی دیدو تێڕوانین و ئینتیمای سیاسی عەلمانی و کەمێکیشیان ئیسلامی خۆیانن وبە گوێرەی توانای خۆیشیان خوتبەکانیان دەخەنە خزمەتی ئەو مەبەستە (بۆیە نەك هەر هەڵەیە ئەوان بکرێن بەسەرچاوە بۆ فێربوونی دین، بەڵکو ئەو سۆزو عاتیفەش کە لە خەڵکی عەوامدا درووستی دەکەن، جۆرێکە لە خۆڵ لەچاوکردن و لە ڕاستیدا دوورخستەوەیانە لە دینی حەق و ئامانجی کۆتاییان ئەوەیە سیفاتی ڕانەمەڕ لە خەڵکیدا درووست بکەن.

خەتیبەکان دەکرێت جێگای ڕێزبن، دەگونجێت قسەزان وڕەوانبێژ و خاوەن کەسایەتی بەهێزبن، ئەوە بۆ خۆی مەسەلەیەکی ترە و جیاوازە لەوەی ئەوان مامۆستایەکی ئایینی شایانی ئەوە بن دینیان لێوە فێر بیت، دوو مەسەلەی جیاوازە بەڵام عامی خەڵکی ئەو دوو مەسەلە تێکەڵ دەکەن، جا بتەوێت دین لەوان وەربگریت و ئەوان بەو حاڵەیانەوە بکەیت بە چاوساغی خۆت وبیانکەیت بە سەرچاوەی تێگەیشتن وکردار کردن بەدین، بەتایبەتی قسەکەر و خەتیبە مەشهورەکان کە توانای قسە کردنیان هەیە و جەماوەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیان زۆرە وقسەکانیان لەسەر ئاستێکی بەرفراوان بڵاودەکرێتەوە، دڵنیابە هەڵەیت و ئامانج

ناپێکیت، چونکە ئەوان زۆربەیان خۆیان پێویستیان بەوەیە ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە و لە ڕێگەکانی کاریگەر بوون بەدنیا و پەیوەندییە گوماناوییەکانیان و بەکارهێنانی ئیسلام و بۆ بەرژەوەندی خۆیان رزگاریان ببێت دوای ئەوە ئەتوانن ببنە پێشنگی فێرکردنی دین بۆ خەڵکی (فاقد الشيء لا يعطيه).

شوێنکەوتووی ئەوان بیت، هەر زوو سەرت لێ تێکدەدەن وئەو چەمکانەی ئەوان لە مێشکتدا تێکی دەدەن بەساڵێك، چەندین ساڵت دەوێت بۆ ڕاستکردنەوەیان لە ڕێگای وەرگرتنی زانستی شەرعییەوە...

**بێگومان ئەمەی باسمان کرد بنچینەیەکی ڕەها و نەگۆر نییە، مەبەستیشمان هەموو خەتیبەکان نییە، حاشا ئەوە نادادگەرییە ئەگە روا وێنا بکەین هەموو خەتیبێك بەو شێوازەیە! بەڵێ لەسەر زۆرینەی لەونەیە جێبەجێ ببێت، بەڵام لەسەر یەك بە یەکی خەتیبەکان نەخیر جێبەجێ نابێت، چونکە خێر وچاکە و زانستی مەنهەجی لەهەموو جێگایەك هەر بوونی هەیە و نابڕێتەوە و تاکو ئێستاش الحمد لله مامۆستای بەڕێز و عەقیدە پاك و خاوەن زانستی شەرعی هەیە کە دەکرێت جێگای متمانە بن و دینیان لێ وەربگیرێت، بەڵام مەخابن کەمن....بەراورد بە زۆرینەکە، زۆر کەمن.**